# تارمایی یەکانی قەدەر



**سەرهەنگ خامۆش**
Xamosh_s@hotmail.com

**ئێوارەیەك بەر لە هاتنی**

**تارمایی یە هێمنەکانی شەو**

**پێش ئەوەی خۆر**

**لە تخوبی شار ئاوابێ**

**خۆم بە باڵی**

**باڵندەیەکی کۆچەر هەڵدەواسم**

**لە ژێر هەورە یاخی بووەکان دا**

**دەبمە پەیامێکی پڕ لەحەسرەت**

**بە لێوی قڵێشاوی خاك پێدەکەنم**

**لە گەڵ سیمفۆنیای باران سەمادەکەم**

**سەفەرێك بۆ ئەودیوی**

**سەرابە تاڵەکانی غوربەت دەکەم**

**دەڕۆم پێش ئەوەی**

**سەردولکەی مەرگی پایز**

**پرچی حەزەکانم بهۆنێنەوە**

**هەگبەی سەوزم**

**لەبەر دەرگای زەردی خەزان هەڵدەڕێژم...**

**پەنجەکانم لە تەنیایی دەتۆرێن**

**لەگەڵ نۆتەکانی**

**پرچی تاری کازیوەدا**

**بە دیار نامۆ بوونی شیعرێکمەوە**

**ئاوازی عەشق دەژەنن**

**بەر لەوەی خەرمانەی وشەکانم گڕبگرن**

**لە ئاوێنە شکاوەکانی تەمەنم**

**لە تارمایی پیریم ڕادەمێنم**

**لە کەناری مەستی گەنجیم وەنەوزێ دەدەم**

**دەچمەوە نێو**

**ئەلبومی یادگاریەکانم**

**کۆلارەکانی خەون**

**لە ئاسمانی منداڵیم هەڵدەدەم**

**دەگەڕێمەوە نێوسۆزی باوەشی دایکم**

**گۆیم بۆ لایلایە شیرینەکانی ڕادەگرم**

**تا ئەوساتەی خۆزگەکانم**

**لە نیۆ جۆلانەی قەدەری شەو**

**چاولێك دەنێن...**